

# شروبخۆرەکان

**گەنجێك** " هێندە شروب دەخۆمەوە تا دەمرم "
**پزیشکێکی دەرمانسازی** " ئەو شروبانەی گەنجەکان بۆ مەستبوون بەکاری دەهێنن مادەی حەشیش و هیرۆین و کۆکاینی تێدایە "

**راپۆرتی لڤین**

● ژمارەیەکی زۆر گەنج دەبینیت ، کە لە روخسار و هەڵسوکەوتدا لە گەنجانی ئاسایی ناچن وهەمیشە بەتەنهان.. ئەوان کەمتر پێدەکەنن و زۆر بە خەمۆکی دەبینرێن ، کەمتریش بایەخ بە روخساریان دەدەن ، ریشیان درێژ و قژیان هێشتۆتەوە، کەمتریش تێکەڵی خەڵك دەبن، پەیوەندیشیان لەگەڵ یەکدیدا تەنها بۆ دابینکردنی برێك شروبە. ئەوان جیا لە شروب خۆرەکانی دیکە ومادده سڕکەرەکانی تر بە (تۆسیرام و کۆداین) خۆیان مەست دەکەن.

سەربەستی تەمەن 27 ساڵ جانتایەکی بەدەستەوە بوو ، چەند شووشەیەکی شروبی تێدابوو، سەرەتا ئەو لە رۆژنامەنوسێك دەچوو ، وایشمان گومان دەبرد، کە ئەو بەدوای کارێکی رۆژنامەنوسییەوەبێت ، ئەو ووتی "من ئەم شروبانە لە جوملە فرۆشەکان بەنرخێکی زۆرهەرزان دەکڕم، چونکە زۆربەیان نزیکی ئێکسپایەر بونەتەوە لە دواتریش بە هاوڕێکانمی دەفرۆشمەوە بە نرخێکی گران "

(کاروان) کە ناوی خوازراوی گەنجێکی تەمەن (23)ساڵی دانیشتووی هەڵەبجەی شەهید بوو، وتی "هاوڕێکانم هەموو خوێندنیان تەواو کردوە تەنها من نەبێت ، زۆرترین کاتیش لەماڵەوە بەسەردەبەم چونکە واهەست دەکەم کەلە ژیاندا شکستم هێناوە" هەروەها ئاماژەی بەوە کرد ئەم دونیایە پڕە لە کێشە و ناحەقی و ناعەدالەتی ،ئەو دەڵێت من دەمەوێت زۆرترین کات مەست بم، بەڵام ناتوانم مەشروب بکڕم ، خۆ ئەگەر مەشروبیش بکڕم ناتوانم مەزەکەی دابین بکەم ، بۆیە ناچار بەردەوام پەنا دەبەمە بەرنووستن، . ئەو لەگەڵ هەناسە قوڵەکانیدا ووتی "من کێشەیەکی زۆر گەورەم هەیە کە خەڵکی رێزم لێناگرن چونکە خاوەنی پارە نیم و مۆبایلی جوان وکەشخەم پێنیە، ئەگەر درۆزنانەش بەدەم خەڵکەوە پێبکەنی بە خراپ سەیرت دەکەن بۆیە هێندە شروب دەخۆمەوە تا دەمرم" زۆرجاریش گومان لەوە دەکەم کە ئەمە دواهەمین شروبم بێت.

(هێرش)ی تەمەن 32 ساڵ کە مامۆستای سەرەتاییە و ئالودەی شروب و حەب بووە، وتی "ئەودەمەی کە دەرمانخانەم هەبوو بە ئاسانی هەموو جۆرێك لەو شروبانەم دەست دەکەوت، بەڵام بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی کاری دەرمانخانە دوکانەکەم پێداخرا" هەروەها ووتی "ئێستا بۆ بەدەستهێنانی شروبێك وێڵ و ئاوارەی دەرمانخانەکان دەبم"

ئومێد عەلی کە خاوەنی دەرمانخانەیەك بوو، وتی "من خۆم بەبێ پسوڵەی پزیشکی ئەو جۆرە شروبانە نافرۆشم ، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆتە بازاڕی گەرمی هەندێك دەرمانخانە "

د.فاروق عەزیز پسپۆڕی دەرمانسازی ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوانەی ئەو ماددانە بەکاردێنن زۆر بەخێرایی تووشی ئیدمان ئەبن، چونکە هەریەك لە ماددەکانی حەشیش و هیرۆین و کۆکایین لە شروبی (tusseram) و (pyridines)داهەن ئەمەش دەبێتە هۆی بێهۆش بوون ، حکومەتیش زۆر کەمتەرخەمە بەرامبەر ئەو دەرمانخانانەی کە دەیفرۆشن ولێپێچینەوەیان لەتەکدا ناکات . هەروەها پێی وابوو کەئەوگەنجانە لە ڕووی فەسلەجیەوە پێویستیان بە ماددەیەك هەیە بۆ ئاسودەبوونیان ، لە رووی سایکۆلۆژیشەوە هۆکارێکە بۆ نەهێشتنی کێشە و دوودڵی. ئەمەش دەبێتە هۆی گێژبوون و کەمبوونەوەی چالاکی ڕۆژانەیی و ئارەزووی خواردن و وشکبونەوەی ناودەم و قەبزی و بێزاری و توشبونی نەخۆشیەکانی گەدە.

هەروەها ووتی "لە پیریشدا گیرۆدەدەبن بە خەو لێنەکەوتن و ەڵئاوسانی پێڵوی چاو و کەمبونی توانای سێکسی و توشبونی نەخۆشیەکانی دڵ و رەخساندنی هەلی باشتر بۆ شێرپەنجەی لەش .